
عمر آل عوضه


# خودا خۆشی دەوێت



وەرگێرانی:
**زامدار قادری**

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

Scanned with CamScanner



**Tanya Haji | تەنیاحاجی**

32,059 مشترکًا

الوصف

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

المزيد


t.me/tanyahaji7 **گرۆپی نۆڤا**

رابط الدعوة

الإشعارات **لە لایەن ( محمد عبدالرحمن ) بە pdf کراوە**

مفعّلة

الروابط الوسائط



خودا خۆشی دەوێیت

Scanned with CamScanner

ناوەندی ڕەها

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا

+964 750 406 6674

Nawandi Raha ناوەندی ڕەها

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

Scanned with CamScanner

# خودا خۆشی دەوێیت

عمر آل عوضه

وەرگێڕانی:

زامدار قادری

چاپی یەکەم

٢٠٢٢

Scanned with CamScanner

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە: ٩٣

ناوی کتێب: **خودا خۆشی دەوێت**

نووسینی: **عمر ال عوضه**

وەرگێڕانی: **زامدار قادری**

دیزاینی بەرگ: **ئیبراهیمساڵح**

دیزاینی ناوەوە: **ئەیاد نادر**

ساڵی چاپ: **٢٠٢٢**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی٣٨٩ ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

# ئەم کتێبە پێشکەش بێ:

*مرۆڤە بەخشندەکە

*گەنجە بوێرەکە

*لاوە میهرەبانەکە

## پێش چوونە ژوور

ئەم کتێبەی بەردەستت بریتییە لەو نووسین و بڵاوکراوانەی عومەر کە لە ڕۆژنامە و سایتەکان بڵاوی کردوونەتەوە وەکو هاندانێک بۆ گەنجان و، نزیکبوونەوەیان لە خودای میهرەبان.

لەگەڵ ئەمەشدا، تەنیا ئەوانەم وەرگێڕاون کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە دەگونجێن.

وەرگێڕ.

(سەرەتای سەرکەوتنەکانت بە لێبووردنی ئەوانی دیکە دەست پێ بکە، تۆ نازانی چ گەورەییەکە کاتێ مرۆڤ لە حەقی خۆی خۆش دەبێت!.)

نابینی پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم) کاتێ فەتحی مەککەی موبارەکی کرد، هەموو دوژمنانی ئازاد کرد.

پەروەردگار لە قورئان باسی ئەو ئەخلاقە سەنگینەی دەکات و دەفەرمووێ: **(وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)**

واتە: ئەی خۆشەویست: بەڕاستی تۆ لەسەر بەرزترین خولق و خوو گۆشکراویت.

* ژیان بەردەوامە، بگری یان پێبکەنیت.

بۆیە باری قورسی بێتاقەتی مەخە سەر شانت، هیچ سوودی لێ نابینیت.

"بێتاقەتی" ئەو خەمانەی بەیانیت لە کۆڵ ناکاتەوە، بەڵام چێژی ئێستات لێ دەستێنێت.



Scanned with CamScanner

پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم) دەفەرمووێت: ئەگەر لەسەر زەوی کەسێک بڵێت: (لا الا الا الله والله اکبر وسبحان الله والحمدلله ولا حول ولا قوه الا بالله)

خودای گەورە لە گوناهەکانی خۆش دەبێت، تەنانەت ئەگەر بەقەد کەفی دەریاش بن.

بەهای ئەم زیکرە کەس نایزانێت، تاکو ڕۆژی دوایی نەیەت.

یاریکردن بە هەستی خەڵکی یەکێکە لەو وەسوەسانەی شەیتان زۆرترین جار بەکاری دەهێنێت و، یەکێکە لە چەکە کوشندەکانی ئەو. بۆیە ئەو کەسەی پێت دەڵێ "خۆشمەوێی" دواتریش دەست بەردارت دەبێت، ئەوە دڵنیابە یەکێکە لە دەستوپێوەندی شەیتان. چونکە یەکێک لە سیفەتەکانی شەیتان یاریکردنە بە هەستەکان.

حەقیقەتی کەسەکان ڕوون نییە، بۆیە هەمیشە بڵێ:

پەروەردگارا، کەسانێکمان پێ ئاشنا بکە ڕووی موبارەکی تۆیان بوێت و لە چاکەخودازان بن.

کەسانێکیشمان لێ دوور بکەوە، ئەگەر نزیکیشمان بن، بەڵام لە تۆ یاخی بن.

ئەو هەموو لەشساغی و سەلامەتییەت بە دەوڵەمەندی نابینی؟

هەزاران کەس ئەمڕۆ ئامادەن پارە و پوڵی هەموو لە یەک تێرخواردن خەرج بکەن، کەچی ناتوانن.

تەنیا لە چاوە ئازیزەکانت دیقەت بدە، ئینجا دەزانیت چەندە دەوڵەمەندیت

ئادەمت لەبیرە کاتێ لە بەهەشت بوو، شەیتان هاتە بن کلێشەیی و باسی جوانییەکانی نەمری و جوانی هەمیشە مانەوەیی بۆ کرد، ئینجا باسی موڵک وماڵێکی وەها کە هەرگیز نەفەوتێ.

ئینجا فریوی دا و لە بەهەشت وەدەری نا!

وریا بە لەوانەی نزیکت کە دایمە وشەی بە جوان و ڕازاوە لێت نزیک دەبنەوە و هەمیشە باق و بریقەکانیان لێ دەبیستیت.

بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە خۆشیان دەوێیت کە ناتوانن گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن بەشێوەیەکی ئاشکرا.

فریودەرەکان وشە ناسکەکان بەکار دەهێنن، نەکەی فریو بخۆیت!

لە ڕۆژی دوایدا من بەرپرسم لە دڵ و هۆش و بیرکردنەوەم، بەرپرس نیم لەوەی کە تۆ چۆن بیرم لێدەکەیتەوە،

وازلە من بهێنە.

بیرتە پەروەرێن لە شەودا چاوەڕێی تۆیە بۆ دیدار؟

لە نیوەی شەودا بە چرپە بە گوێی نەبیستت دەچرپێنیٚ:

بەندەکەم، من هاتووم داواکانت جێبەجیٚ بکەم.

تۆش لە خەوی غەفڵەت دایت!.

پەروەرێنم، ببوورە بۆ ئەو کەموکوڕیانەی بەهۆی ژیانەوە، تۆمان لیٚ
ون دەکات.

چاوەڕێیی لەم ژیانە ئاسوودەبیت؟

عەبدوڵای کوڕی ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لە باوکم پرسی: بابە گیان، کەی مرۆڤ لەم ژیانە ئاسوودە دەبێت؟

باوکم فەرمووی: ڕۆڵەی شیرینم، لەم ژیانە ئاسوودەیی نییە، هەتا قاچمان نەخەینە بەهەشتەوە.

حەزرەتی ئادەم (علیه السلام) کاتێ لە بەهەشت دەرکرا، بەهۆی دڵباشی خۆیی بوو، وای گومان برد هەموو کەس وەک خۆیەتی، بۆیە لە دارەکەی خودارد. دواتر بیری کەوتەوە کە سەرپێچی خودای گەورەی کردووە و پەشیمان بووەوە. ئەمەش نیشانەیە، ئەگەر کەسێکت بینی ڕووخاوە، ئەوە بزانە زۆردارێک لە پشتەوەیەتی.

بۆیە ئادەمی بە، مەبە شەیتان.

مرۆڤی ئەو سەردەمە هێندە شێواوە، تێناگات کێ دۆستە و کێ دوژمن؟

خۆت بەدوور بگرە لە ڕەفتارە خراپەکان، دەرگای ڕزگاری لای خودایە.



Scanned with CamScanner

لە کاتە خۆشەکانمان لەبیری دەکەین،

کاتێکیش تووشی نارەحەتی دەبین،

یەکسەر دەچینەوە لای و شکاتی حاڵی خۆمانی لا دەکەین.

مەترسە، ئەو هەر قبوڵت دەکاتەوە،

ئەو خودایە، خودا!

هەمیشە لە چاکەخودازان بە، ئەگەریش بە کردار نەتتوانیت، خۆ دەتوانیت نییەتت چاکە بێت.

پەروەردگار هێندە مەزنە، ئەگەر نیەتی تۆش ببینێت، لە کۆتاییدا دەکرێ زۆری دوعاکانت گیرا نەبن!

پەروەردگار دەیەوێ لە ڕۆژی دواییدا حەقەکەت بداتەوە.

وەکو ئەوەی دکتۆر پێت دەڵێ: چ کاتێک دەرمانەکانت بخۆیت.!

نموونەی باڵاش بۆ پەروەردگارە، دەزانێ لەو ڕۆژە چ شتێک بۆ تۆ باشترینە.

وازلە گوتی گوتی خەڵک بهێنە،

ئەوان هەر وان، هەمیشە دەربارەی ئەوانە قسە دەکەن، کە پەیوەندی بەوانەوە نییە.

لە هەموو شتێدا خۆت مەکە لێزان،

ئەوەی لە دەمت دەردەچێ، لە قیامەت لێپێچینەوەی لەسەرە.

تێنووسی خۆت بەشتە بێسوودەکانی خەڵک پڕ مەکەرەوە.

کێ لە ئێمە خۆشەویستی ناکات؟

موسڵمان و بێباوەڕ

ئافرەت و پیاو

هەموومان خۆشەویستی دەکەین.

تەنانەت پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم)خۆشەویستی کردووە.

نابینیت پێغەمبەری ئازیز تا دوا ڕۆژەکان خەدیجەی لەبیر بوو.

خۆشەویستی پاکییەتییە، نەوەک هەوەس.

ئەوەی خۆشی بوێیت، دێت و لەگەڵت ژیانێکی هاوبەش دروست دەکات، نەوەک کاتت پێ بەسەر ببات.

سەیرکە بزانە ڕەحمەتی خودا چۆنە بۆت!

سوێند بەخودا هیچ پەیوەندیەک نییە لە ژیان چاکتر بێت لە پەیوەندیت بە پەروەردگارتەوە. سەیر بکە مامەڵەی پەروەردگار لەگەڵ تۆدا چۆنە،

ئەگەر بەندە بڕیاریدا لەسەر کردنی گوناهێک و سووریش بوو لەسەری ئەنجامی بدات، بۆی دەپۆشێت، تەنانەت چەندین جار چاوەڕێدەکات ئەو بەندەیە بگەڕێتەوە و تەوبە بکات، خۆ ئەگەر نەشیکرد، بە کارێکی چاکەی ئەو بەندەیە، ئەو خراپەیە دەسڕێتەوە.

دەی تخودا کەس هەیە لە پەروەردگار میهرەبانتر و دڵسۆزتر بۆ بەندەکان؟

پەروەرێنی ئازیز سەڵاوات و درود و ئەوینی بەردەوام بڕێژە بەسەر ئەو زاتەی دڵەکان بە ناوهێنانی وەکو گوڵ دەگەشێنەوە:

اللهم صل علی سیدنا محمد و علی اله و صحبه وسلم

- کێ لە ئێمە نکۆڵی ئەوە دەکات کە پەروەردگار "داینەپۆشتووە"؟

+ هەمووومان.

- کەواتە هەرگیز نەکەی نهێنی خەڵک ئاشکرا بکەیت، چونکە خودا خەڵک دادەپۆشێ، تۆ چیت تاکو خۆت لەو بە باشتر بزانیت!؟

لەکاتی هەنگاونان وامەزانە ئەوەی دێتە بەردەمت هەر گوڵە!

دڵنیابە دڕکیشت دەکەوێتە بەردەم.

بەڵام خۆ ئامادەکردن بۆ "بۆنکردنی گوڵەکە" و "ئازاری دڕکەکە" تەنیا ئەزموونی دەوێت.

زۆر قورس و سەختە،

تاقەتپڕووکێن و زەحمەتە،

بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەیت:

هەر خودا لە هەموو کەس و هاوڕێکانت لێتەوە نزیکترە.



Scanned with CamScanner

لە ململانێی نێوان "تۆ" و "خەم"دا

ناکرێ دۆڕاوەکە "تۆ" بیت!.

بوونەوەرە بچووکەکان دەناسیت؟

ئەوانەی لە دواوە باست دەکەن و، جورئەتی ئەوەیان نییە ئەسڵەن لە بەرانبەرتدا فزەیەکیش بکەن!.

شەرم لە گەورەیی خۆت ناکەیت وەڵامی ئەوانە بدەیتەوە؟

سەرکەوتن بڕیاری خۆتە، نەوەک چانس بێت و بکەوێتە بەردەمت!

ئەوانەی سەرکەوتن تۆماردەکەن، ئەوانەن کە بڕیاری خۆیان داوە کە "سەربکەون"

تۆش لەمڕۆوە دەست پێ بکە.



Scanned with CamScanner

لەدەستچوونی ئازیزان، پەیامێکە بۆ تۆ، کە جگە لە پەروەردگار، کەس نەخەیە ماڵی دڵتەوە.

کاتێ شکستت هێنا،

دەرفەتێکی دیکە بەخۆت بدە.

لە خۆت ببوورە.

خۆت دروستکەری ژیانی خۆتی نەک ئەوانی دیکە،

تکایە خۆت نازی خۆت هەڵگرە.

درەنگ وەڵامدانەوەی دوعاکانمان ڕەنگە هۆکاری کەمی داواکردن بێت. هەمیشە ئەو شتانەی زۆرتر هەوڵی بۆ دەدەین، ئەوان بەدەستدێن. لە دوعاکردندا زۆرتر و زۆرتر داوا بکە و هیچ ماندوو مەبە، دڵنیا بە هەر وەڵام دەدرێیتەوە.

زوڵم بکە، زوڵمت لێ دەکەنەوە.

درۆ بکە، درۆت لەگەڵ دەکەنەوە.

خیانەت بکە، خیانەتت لەگەڵ دەکەنەوە.

هەرچیت پێ خۆشە ئەمڕۆ بیکە،

دڵنیابە بەیانی هەمان شتت لەگەڵ دەکەنەوە.

هەڵبژێرە چی دەکەیت.

ناڕەحەتی و ناڕەحەتی، هەر لەسەرت توند دەبن.

لەناکاوێک پەروەرێنی فریادڕەست دەرگای ڕزگاربوونت لێ دەکاتەوە، ئەمە پێی دەڵێین "متمانە بە خودا"



Scanned with CamScanner

خەڵکانێک بە گوێماندا دەدەن: چێژ ببینە، تەمەن یەکجارە ناگەڕێتەوە.

ئازیزم، جەهەننەمیش یەکجارە.

ئەوینی پەروەردگار مەگۆڕەوە بە چێژی کاتی.

پەروەرێن بەجۆرێک دەتپارێزێت کە هەرگیز لێی حاڵی نابیت!.

کاتێ شتێک نابێ بە نسیبت بۆ ئەوەیە بتپارێزێت.

منەتی ئەوە هەڵمەگرە کەس گوێت بۆ بگرێت،

بڕۆ سوجدە و پەروەرێن ئامادەیە هەموو دەم گوێت لێ بگرێت، یەک شتی دیکەش: ئەو هەرگیز ماندوو نابێ لە ڕازەکانت.

وا تێدەگەیت پەروەردگار دادپەروەر نییە!؟

ببینە ڕۆژێک ئەوانەی زوڵمت لێ کردوون، دەپاڕێنەوە تا لێیان خۆش ببیت.

سێ ئاوات هەمیشە دوعای بۆ بکە:

١- ژیانێک بێ زوڵمکردن

٢- مردنێکی جوان

٣- یادگارییەکی شیرین

گوتیان: فڵانە کەس بەهۆی زۆر گوێگرتنی لە گۆرانیی، لە سەرەمەرگیدا گۆرانی دەچڕی.

ئینجا بیرم هاتەوە کە زانایان فەرموویانە:

لەسەرەمەرگدا دڵ وابەستەی ئەو گوفتارانە دەبێت، کە مرۆڤ لە دڵیدا بە خۆشەویستییەوە هەڵیگرتوون.

ئیلاهی ئەوینی خۆت و شیرینی قورئان لە دڵماندا جێگیرتر بکەیت.

ئاگاداری هەواڵی هەموو کەسیت،

ئەریٚ ئاگات لەگەڵ ڕۆح و دڵی خۆت هەیە؟

وا خەریکە بەهۆی کەمتەرخەمیت، خوداشت لەدەست دەچیٚ!

هەمیشە دوای ئەنجامدانی کارەباشەکان، یەکسەر بەرهەم نایەت دی، بەڵام دڵارام بە لە شوێنێک دەکەوێتەوە بەرانبەرت، هەرگیز پێشبینیت نەکردوە.

ئەوەش کاتی گونجاوە کە پەروەردگار بۆمان دیاری دەکات.

کاتێ خۆڵیان بەسەریدا کرد، هەمووان جێیان هێشت، تەنانەت خێزانەکەی و منداڵەکانیشی، زۆر ترسا، هەستی کرد ئیدی تەنیایە.

لەو کاتە دوو فریشتەی ڕوو شیرین هاتن و بە خەندە و خۆشەوە پێیان گوت:

مەترسە، پەروەردگار دەفەرمووێ: من میوانی خۆم بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێر دەهێنم، لەگەڵ ئێمەدا ترس و خەفەت نییە.

ئیلاهی ئێمەت چەندە خۆش دەوێ!؟

پێنج شت هەن بۆ دایکان هەمیشە داوای بکەن:

١- لەشساغی

٢- تەمەندرێژی

٣- بەهەشت

٤- ئاسوودەیی

٥- ڕازیبوون لێمان



Scanned with CamScanner

پرسیاریان لە گەنجێک کرد: چۆن ئاوا بە خشوعەوە نوێژ دەکەیت؟

گوتی: کاتێ نوێژ دەکەم، کەعبە دەهێنمە بەرانبەرم، بەهەشت دەهێنمە دەستەڕاستم و جەهەننەم دەخەمە دەستەچەپمەوە.

فریشتەی گیانکێشان دەخەمە دوامەوە و، ڕووی موبارەکی پێغەمبەری نازدار (صلى الله عليه وسلم)دەخەمە بەردەمم کە سەیرم دەکات بەو رووە پڕ لە زەردەخەنەیەوە.

دوو چەکی زۆر سادە هەن، هەمیشە کەسە نزمەکان بەکاری دەهێنن، ئەویش "بوختان" و "درۆ"یە، پێویست بە دڵتەنگی ناکات، هەرکات بینیت بەرانبەرەکانت تاوانبارت دەکەن بەو دووانە، بزانە کە تۆ لەگەڵ بەرانبەرەکێت لەگەڵ کەسە نزمەکانە، ئاسوودەبە و گوێشی مەدەرێ.

هەموو کات ئەو کەسە هەڵبژێرە کە بەرگەی بارودۆخە بێزارکەرەکانت بگرێت. ئەو کەسە هەڵبژێرە کە تێدەگات لەو تووڕەبوونەت کە سروشتی خۆت نییە.

تێبگات کە بێتاقەتیت لەخۆڕا نییە.

هەمیشە ئەوانە هەڵبژێرە کە لەنێو هەزاران دۆخ و حاڵەتدا ڕووی خۆت لێ ون دەبێت، ئەو هەر دەتناسێتەوە.

ئەو جۆرە بکە بە هاودەمی خۆت، چونکە ئەو کەسە شایەنی تۆیە، زۆر باوەڕ بە خەڵکانی دیکە مەکە، لەبەر ئەوەی کاتێ لە تۆ باشتر دەدۆزنەوە، بوونی تۆ لەبیر دەکەن.

کاتێ گوناهێک دەکەیت، یەکسەر دوای ئەوە شەیتان دێت و تووشی خەجاڵەتیت دەکات، پێت دەڵێ: تۆ ئیدی شەرمت شکاوە و، خوداش هەرگیز لێت نابوورێت.

وا مەکە.

ئەو ئایەتە شیرینەی پەروەردگار لە یاد مەکە کە دەفەرموویێت:

**(اللّٰهُ لَطِفٌ بِعِبادِهِ)**

واتە: خودا لەگەڵ بەندەکانی گەلێ میهرەبانە.

کەواتە ملیۆنان گوناهت کرد، هەر بگەڕێوە باوەشی ئەو زاتە میهرەبانە، دڵنیابە دەتبووریێ

لە خۆت بپرسە تۆ لە چیدا پێشەنگی؟

لەخۆت بپسە. ئایە تۆ نموونەی کاری چاکەی؟

یاخود نموونەی بۆ کاری خراپ!

هەرکەسێك لە خۆی بپرسێت، پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم) فەرموویەتی: هەرکەسێك بانگەوازیکات بۆ چاکە، ئەوا پاداشتی وەك پاداشتی ئەو کەسە دەبێ کە بەهۆی ئەوەوە چاکە دەکات و، بە هیچ جۆرێك لە پاداشتەکەی کەم ناکات. "الله اکبر" گوێ لە تەواوی فەرموودەکە بگرە، پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (هەرکەسێك بانگەواز بکات بۆ خراپە، ئەوا هەمان گوناحی ئەو کەسەیان پێدەگات، کە بەهۆی ئەوەوە گوناحەکەیان کردووە و هیچ شتێك لە گوناحەکەیان کەم ناکات بۆیان)

با هەرکەسێکمان پرسیار لەخۆمان بکەین بابەخۆماندا بچینەوە. تۆ لەچیدا نموونەی بۆ خەڵکی، چی پێشکەش بەمرۆڤایەتی دەکەی؟ خودایە لەو کەسانە بێن کە مرۆڤاکان بانگهێشتی بەهەشت دەکەین

پەیامێک بۆ خوشکەکانم، گوێبگرن.

لەوانەیە تۆ لە شێوەدا جوان بیت، بەڵام داواکاریت نەیەت، یان کاتێک کەسێک دەبینی لە شێوەدا ناشیرینە و بەخیلی پێ دەبەیت و دەڵێی ئەی خودایە: بۆچی ئەمە ئەوەندە ناشرینە، کەچی و داواکاری دێت!. بەڵام من کەس داوای نەکردووم!.

ئەمە هاوکێشەیەکی سادەیە، پەیوەستە بە ڕێژەی نزیکیت لە خودای گەورە. پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: خودای گەورە سەیری شێوە و لەشولار ڕووخسارتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵەکانتان دەکات.

چەندە باڵایە ئەو ئەوینەی بێ بەرژەوەندییە.

ئەو ئەوینەی هیچ شتێکی لە بەرانبەردا ناوێت.

سەلام و ڕەحمەت لەو مرۆڤانەی کە لەو ژیانە پڕ لە پیسی و ناشیرینەی ئەمڕۆدا، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پەروەرێنی میهرەبان نەپچڕاندووە.

تاکو ئێستا هیچ هۆکارێکی قەناعەتهێنەر بوونی نییە بۆ ئەوەی هەمیشە "نائومێدی" لەسەر شانتدا هەڵگریت!

ئەگەر ناخۆشییەکان زۆریان هێناوە، تۆش بە "ئارامگری"ی وەڵامیان بدەوە.

خۆ ئەگەر باسی دابڕانی مرۆڤەکانیش دەکەیت، هەر وایە.

ڕۆژێک تۆش و هەمووانیش دەڕۆن.

مرۆڤی ژیر و وریا ئەمەیە ٣ شت لەبیر ناکات:

١- یادی خودا

٢- ڕازیبوون بە کارەکانی خودا

٣- سەڵاوات دان لەسەر شیرینی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت)

گوتویانە:

هیچ کات خودا بەندەیەک دڵتەنگ ناکات، مەگەر بۆ ئەوەی نەبێت کە دڵخۆشییەکی هەمیشەییی پێ بدات.

هیچ کاتێکیش خودا بەندەیەک تاقی ناکاتەوە، مەگەر بۆ ئەوە نەبێت کە خۆشی دەوێت!.

خودا خۆشەویستی خۆت لە دڵماندا زیاتر و زیاتر بکەیت.



Scanned with CamScanner

مەڵێ تووشی نارەحەتی بوومە، چونکە یەک زوڵمی سادە و بچووکم کردووە!

تۆ نازانی تیری دوعای ئەو کەسە چەندە بە توندی هاوێژراوە، ڕەنگە هەموو تەمەنت باجی ئەو دوعایانە بدەیتەوە.

هێندە خەمی ڕازیکردنی دڵی خەڵکتە،

نیو ئەوەندەش هەوڵی ڕازی کردنی پەروەرێنت بدە.

خودا هێندە تۆی خۆشدەوێت، لە هەژمار نایەت.

چۆن خەیاڵ دەکەی خۆی دروستیکردوویت، ئینجا دڵخۆشت نەکات!

باوەڕ بکە ئاوا ڕازیت دەکات کە خەیاڵیشت بۆی نەچوو بێت.

تەنیا لەسەرتە دوو شت بکەیت:

١- ڕازی بیت بەو شتانەی ڕوودەدەن.

٢- ئارام بگریت لەسەر ناخۆشییەکان.

تۆ لە خودا نزیک بیتەوە،

خوداش لە تۆ نزیکتر دەبێت.

هەر کەسێکیش خودای لەگەڵ بێت،

باکی بە هیچ شتێک نییە.

حەزرەتی عەلی دەفەرمووێ:

کاتێ پەروەردگار ڕێگات دەدات تۆ زیکری "استغفرالله" بکەیت،
ئەوا دڵنیا بە دەیەوێ لێت خۆش بێت.

توخودا زۆر سوجدە ببە،

توخودا زۆر نوێژ و دوعا بکە،

توخودا زۆر موناجات و ڕازی دڵت لەگەڵ خودا باس بکە،

چونکە دوای مردن هیچ کامێک لەوانە ناتوانی بکەیت.

تۆ سەنگینتری لەوە کە ئاستی خۆت بەرانبەر کەسانی نزم بهێنییە خودارەوە، هەمیشە بێدەنگی هەڵبژێرە و تێپەڕە.

تۆ ناکرێ خۆت بەراورد بکەیت بە دیوارێک و هەوڵی قسەکردن بدەیت لەگەڵ دیوارێک!

مەرج نییە ئەوەی تۆ قەناعەتت پێی هەیە، بەرانبەرەکەشت وابێت.

بۆیە ڕێگە بدە ئەویش بیرکردنەوەی خۆی هەبێت و، بتوانێت وەکو خۆی مامەڵە بکات.

وا گومان مەبە هەموو خەڵک پێویستە وەکو تۆ بیر بکەنەوە!

خەریکی ئەو قسانە مەبە کە تاوانبارت دەکەن.

هەمیشە خۆڵ و تۆز لە ژێری دەرگاوە دێتە ژوور.

لێگەڕێ هەر لە خودارەوە خۆڵ و پیسییەکانت بۆ فڕێ بدەن.

لە کۆتایی هەر دەکەوێتە ژێر پێت.

بۆ هەموو ئەو ڕووداوە خۆش و ناخۆشانەی ڕوویانداوە، یان چێژمان بینیوە، یاخود ئەزموون.

لە هەردوو کاتدا هەر تۆ قازانجت کردووە.

هەموو پەیوەندییە جوانەکان دوو هۆکاریان هەبووە:

١- ڕێزی بیروبۆچوونی جیاواز گیراوە.

٢- خاڵە هاوبەشەکان تیایدا بۆتە باسی سەرەکی.

خۆت نارەحەت مەکە، ئەوانەی دوێنێ بە درۆکانیان ئازاریان داویت. پەروەرێنی دادپەروەری تۆ بە ڕاستییەکان دەمکوتیان دەکات. وا دەزانی ئەو نابینێ تۆ ئازاردەدرێت!؟

بۆ هەموو ئەو تۆمەتانەی ئاراستەت دەکەن، بە بێدەنگی و زەردەخەنەوە وەڵامیان بدەرەوە.

تۆ نازانیت زەردەخەنە چەندە کوژەرێکی کوشندەیە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ماندووبوونێکیش ببیت.

مرۆڤی ژیرمەند ئەو مرۆڤەیە: لە کاتی تەنیاییدا بیرۆکە و بیرکردنەوەکانی کۆنترۆڵ دەکات و ئاگاداریان دەبێت، بەڵام کە گەییە ناو خەڵک، ئاگاداری زمان و قسەکانی دەبێت.

مرۆڤی ئەمڕۆ خودا خودایەتی هەڵەیەک لە زمانت دەربچێت و، پێی لەکەدارت بکات.

خەیاڵی ئەوە بکە تۆ لە بەهەشت دایت، وا پەروەردگاری میهرەبان قسەت لەگەڵ دەکات، ئەو خودایەی کە لە دونیادا تۆی دەبینی و لەناو سکی دایکت ئاگاداری تۆ بوو، قسە لەگەڵ خودایەك دەکەیت خاوەن هەموو شتێکە. خودایەک هەموو خەم و نارەحەتیەکانی ژیانت دەزانێت، قسە لەگەڵ خودا دەکەیت.

بیر بکەوە خودا پێت بڵێت: ئەی بەندەکەم!

بیر بکەوە خودای گەورە بە ناوی خۆت بانگت بکات،

سوێند بەخودا هەستێکە وەسف ناکرێت!

بیر بکەوە خودای گەورە ببینی، سەرەڕای ئەوە خودا قسەشت لەگەڵ بکات، ئەی چی لەوە زیاتر!

سوێند بەخودا هەموو نیعمەتەکانی بەهەشت بریتییە لە یەکجار بینینی خودای گەورە، ئەو خودایەی کە لە دنیا سوجدەت بۆ دەبرد، ئەو خودایەی قسەت بۆ دەکرد و وەڵامی نزاکانتی دەدایەوە.

ئێمە زۆر بە قوڵی خۆشەیستی دەکەین، هیچ کەسێک بێ هیوا ناکەین کە خۆشمانوویستووە. بەڵام ئەگەر واز بهێنین ئەوا بەیەکجاری واز دەهێنین. کاتێك کەسێك بیەوێت وازمان لێبهێنێت، سەرەتا دەگرین بۆ ئەو کەسە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەوە ئێمەین کە پێدەکەنین، لە بەر ئەوەی ئێمە کەسانی ڕاسگۆبووین لەگەڵیان و، هەموو ئەو خۆشەویستیەمان پێبەخشن کە هەمانبوو، ئەوە ئەوانبوون ئێمەیان لەدەستدا.

لەوانەیە خۆشمان بوێن تا ئاستی مردن. لە پێناویان وەها بدوێین و بڵێین: ڕۆحمان قووربانتان بێت!

بەڵام!

کاتێك نرخی ئەم ڕۆحانەتان نەزانی کە قوربانی ئێوە دەبوون، ئەوکات بە هەموو بوونتانەوە ناتوانن دڵمان بەدەست بهێنن.

تکایەکی دڵسۆزانە!

لەمڕۆوە یەکێک لە خەسڵەتە جوانەکان، یاخود یەکێک لە زیکرەکان، یان یەکێ لە سوننەتە شیرینەکانی پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم)بکە بەرنامەی ژیانت و، هەموو ڕۆژ ئەنجامی بدە، دڵنیابە مرۆڤ ئەگەر شتێکی سادەشی تەنیا و تەنیا بۆ پەروەرێنی کردبێت لە قیامەتدا بە بەهەشت پاداشت دەدرێیەوە.

تۆ بیرت نییە کە خودا خۆشیی دەوێیت!

ڕۆژگارێکی وەها تێیکەوتووین، دەبێ هەندێ ڕازی دڵت هەیە بە پەنهانی لە نیوەشەودا، بە گوێی ئاسمانیدا بچپێنیت: خودای من، کەسم نییە هانای بۆ بەرم تەنیا تۆ نەبیت!

تۆش دڵت دێ وەڵامم نەدەیتەوە؟

بێگومان بە لەوەی وەڵامت دەداتەوە، ئەو تۆی خۆش دەوێت.

ئافرەتی سەنگین، کاتێ کوڕێکی بەشەڕەف دەبینیت کە بە ڕێز و شکۆوە لەگەڵتدا دەدوێ و سەری دادەخات، مانای وا نییە کە ئەو بێ جورئەتە و نازانێ بدوێت! ڕەنگە ئەو پەروەردەی دایکێکی شەریف بێ و حەیا و حورمەتی قسەکردن لەگەڵ ئافرەتی لە منداڵییەوە فێرکردبێت، دەنا ئەویش دەتوانێ بە ڕابواردنەوە لێت نزیک ببێتەوە و بە چاوەکانی هەموو گیانت ببپشکنێت.

بەڵام ئەو لە گەورەیی تۆدا شەرم دایدەگرێت و لە تەنیشتتەوە سنوورەکان دەبینێت.

ناکرێ تۆ خاوەن پەروەردگارێکی مەزن بیت، ئینجا بێئومێدی و ڕەشبینی ڕووت تێ بکات!

خۆی چەندین جار فەرموویەتی:

بەندە ئازیزەکانم،

**(لا تَقْنَطُوا)**: بێ هیوا مەبن،

**(لَا تَحْزَنُوا)**: خەمبار مەبن،

**(وَلَا تَيْأَسُوا)**: بێ ئومێد مەبن.

دڵنیا بە هەمیشە تۆی خۆشدەوێت و نایەوێ وا خەمبار بیت.

لە هاورێیەتیدا هەندێ شت ئێستا زیادکراون، تکایە تۆ لەوانە مەبە:

١- بێ بەڵێنی لەوکاتەی وادەی چوونە شوێنێک دەبەستن.

٢- جنێودان بەوپەڕی بێویژدانییەوە.

٣- مافخواردن لەکاتی بێدەنگبوونیدا.

بیرت نییە پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم)چی فەرمووە؟

ڕۆژێک پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم)لەناو هاوەڵاندا دانیشتبوو، فەرمووی: خودای میهرەبان دەفەرمووێ: هەر بەندەیەکم بە تەنیا یادم بکات، منیش یادی ئەو دەکەمەوە. ئەگەر لەنێو کۆمەڵێک خەڵکدا یادی من بکات، منیش لەنێو فریشتەکاندا باسی ئەو دەکەم.

الله، الله لەو مژدەیە!

پەروەردگارت ئێستا یادی تۆ دەکات.

بە خوێندنەوەی ئەو دێڕە، لەناخەوە پێی بڵێ:

خودایە تۆم خۆش دەوێت.

ئەوکاتانەی مرۆڤ لە لوتکەی ئاسوودەیی دایە، هەمیشە لە یادی دەمێنێتەوە.

چاکترین شت بۆ ئاسوودەبوون بریتییە لە "ڕازیبوون بە هەموو بڕیارەکانی پەروەردگار"

بە کورتی ئاسوودەیی واتا "دۆستبوون لەگەڵ خودا"

بانگی هەموو خەڵک دەکەی بۆ بچووکترین شت،

ڕاوێژ بە هەمووان دەکەیت،

بۆچوونی زۆربەی کەسەکان وەردەگریت،

کەچی سوجدەیەک نابەی و دەستەکانت بەرز بکەیەوە و ڕاوێژێک بە خودا ناکەیت!

ئەی نازانی:

**(وَمَا تَسقُطُ مِن وَرقَةٍ إلاّ يَعلمُهَا)**

واتە: هیج گەڵایەک نییە بوەرێیت ئیللا خودا ئاگادارە.

بۆ ڕوو لەو ناکەیت!

تەمەنێک لە لاتە، بۆ قەدری ناگریت!؟

چەندان سعات هاودەمی ژیانتە، بۆ وەفا نانوێنی!؟

لەدەستدانی ئازیزان گەلێ سەختە!

بیرت نایە پەروەردگار لە چیرۆکی حەزرەتی یوسف (ص) بۆمان دەگێڕێتەوە کە باوکێک بە لەدەستدانی ڕۆڵەکەی چاوەکانی لەدەستدا!

گەلێ سەختە ئەو هەموو چاکەیەی هەتە بە چەند دەقەیەک تەفروتونا بێت! وای لەو ڕۆژەی لە مەیدانی حەشر و حیسابدا، ئەو هەموو مافەی خەڵکت لەسەرشانە و هەمووی دەبێ بدەیتەوە!

وریا بە مافی کەس مەخۆ!

دڵی کەس ئازار مەدە!

هەموویت تۆمارکراوە، ئا دەی لەو ڕۆژە چی وەڵام دەدەیتەوە؟

گەلێ زانا و دانای وەهامان بینی لەوپەری لوتکەی زانستدا، پێیان خلیسکا و کەوتن.

گەلێ خراپەکاریشمان بینی لە کۆتاییەکانیدا بوو بە یەکێ لە چاکان، کەواتە بەو چەند ڕکات شەونوێژ و زانستەت مەخەڵەتێ، هێشتا ئاخیرخێری نەهاتووە!

بۆیە هەمیشە پێغەمبەری نازدار (صل الله علیه وسلم)دەیفەرموو:
ئەی هەڵگێڕ و وەرگێڕێ دڵەکان، دڵمان لەسەر ئایینەکەی خۆت چەسپاو بکە.

کاتێ تۆ خودات لەبیرە و جار جارە یادی دەکەیت، بە کەمی مەزانە.

کەسانێ هەن ئەسڵەن خوداش ناناسن!



Scanned with CamScanner

ئاواتی زۆرینەمان ئەوەیە کە کەسێکی چاک و باش بێتە نێو ژیانمانەوە،

ئێ تۆ ئەو کەسە باشەبە و، بڕۆ ژیانی ئەوانەوە.

دووری نێوان "جوانی" و " ناشرینی"یەی خەڵک دایانناوە زۆر کەمە.

پێت بڵێم؟

تەنیا یەک ڕووداو بەسە تاکو لە جوانییەوە بتخاتە سەر ڕێڕەوی ناشرینییەوە.

بەڵام لە خودادا جوانیی بریتییە لە "وەفا"

تۆ یادی ئەو لەبیر مەکە. دڵنیابە تۆ جوانترینی ئەویت!

خودا خۆشیی دەوێت.



Scanned with CamScanner

له قورئاندا هەزاران چارەسەر بۆ دڵتەنگییەکەت دانراوە، ئەوە تۆی نایخوێنیتەوە!

وردبەرەوە لەو ئایەتە شیرینە:

**(وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا)**

واتە: ئێمە لە قورئان ئایەت و سوورەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان هەروەها ڕەحمەت و میهرەبانیش بۆ ئیمانداران، بۆ ستەمکار و خودانەناسانیش تەنیا زیادکردنی زەرەر و زیان نەبێت هیچی تر نییە، هیچ بەهرە و سوودێکی لێ نابەن.

ئەوانەی فێریان کردم متمانە بە کەس نەکەم، دوژمنەکانم نەبوون، بەڵکو ئەو دۆستە ئازیزانەم بوون کە هەموو نهێنییەکانی ژیانم خستبوویە بەردەستیان.

لەگەڵ یەکەم جیاوازیمان، هەموویان کردە تیری ژەهراوی و لە دڵمیان چەقاند.

زۆربەمان دەزانین کە ژوورەکانی دڵ گەلێ زۆرن، هەریەکە و شوێن و پێگە و ڕازی تایبەت بە کەسێکی تێدایە، تۆ کاتێ خزمەتکردنێکی چاکت پێشکەش ناکەن، بۆچی گلەیی لە خۆت دەکەیت لە مانەوە؟

وەرە دەرەوە و جێی بهێڵە.

شەوان پێش خەوتن هەریەکەمان جلێکمان لەبەر دایە، هەمیشە ئەو کەلوپەلە زیادانە لە گیرفانمان دەردەهێنین، چونکە دەزانین ئازارمان دەدات!

ئەی تۆ بۆ بیرناکەیەوە کە ئەو هەموو شتە پڕوپوچە پێش خەوتن لە بیر و هۆشتدا دەربهێنیت؟

قسەی خەڵک، شکست، دۆڕان، خیانەت... هەموویان نابنە ئەوەی کە بزانیی: ئێستا خودا دەتبینێت!

چاوەڕێی یادکردنێکت دەکات، تاکو بتخاتە بەهەشتەکەی خۆییەوە.

هەڵسە و یادی ئەو بکە.

دارێکیان دۆزیوەتەوە لەسەری نووسراوە "الله"،

پارچە هەورێک بە ئاسمانەوەیە لێیدەخوێندرێتەوە "الله"،

منداڵێک لەسەر قاچی وەکو کوتین لەسەری نووسراوە "الله"،

ئازیزم، ئەوانە نابنە سەرچاوەیەک بۆ گەورەیی خودا.

ئەگەر ویستت گەورەیی و ئیعجازی خودا بزانیت، بڕۆ سەیری پەیڤە شیرینەکانی قورئان بکە و تێیڕابمێنە، ئینجا دڵۆپێک لە دەریایی گەورەیی و مەزنیی ئیلاهیت بۆ ئاشکرا دەبێت.

جەنجاڵییەکان گەلێ زۆربوونە، هەندێ کات هەڵبژێرە تیایدا مۆبایلەکەت دابخەیت، تەلەفزیۆنەکەت بکوژێنەوە، هەست لە تەنیایی ڕابگرە. ئەو کارە خۆتت پێ دەناسێنێتەوە، ئەو ژاوەژاوەی ڕۆژگار دایمە لەسەر دڵ و هۆشت دروستی دەکات، تەنیایی لای دەبات و منداڵەکەی ناخت بە ئاگا دەهێنێتەوە.

هەموو کات وەهمی ڕابردووت بەدواوەیە،

زۆرباشیش دەزانیت کە ڕابردوو ناگۆڕێت.

هێندە دیقەتی ڕابردوو دەدەیت، دڵنیابە داهاتووت لە گۆڕ دەنێت.

بیر لەو ساتانە بکەوە کە تیایدا بە خزمەت خودا دەگەیت، ئایا ئازارەکانی ڕابردووت بیر دەمێنی؟

لە کونجی زیندانی دڵتەوە، هاوارێک پڕ بە گەرووت بکە، ڕوو لە نائومێدی و ڕەشبینی بکە و بڵێ:

**(لا تَحْزَنْ إِنَّ اللهَ مَعَنَا)**

واتە: خەمگین مەبە، ئێمە خودامان لەگەڵە.

کاتێ تۆ خودات لەگەڵە، ئیدی لە چی دەترسیت؟

کاتێ تۆ خاوەنی خودایەکی ئاوا بەوەفایت کە هەمیشە لەگەڵت دایە، چ باکت بەو بێوەفایەیی خەڵک هەیە!

لە هەمووان بگەڕێ، تەنیا خودات بەسە.

لەلات ئاساییە خۆت هەڵە بکەیت و بیانوی زۆریشی لەگەڵدا دەهێنیتەوە تاکو دڵت نۆخژەن بێت.

ئەی بۆ ناکرێ خەڵک بەرانبەرت هەڵە بکەن!

مەگەر ئەو بیانوانەی بۆ خۆتی دەهێنیتەوە، بۆ خەڵک ناشێت!

واز لەو خۆبەزلزانییە بهێنە و لە هەڵەکان ببوورە.

بەڵام وریاش بە، نەکەی لە هەڵەی چەندبارە پەند وەرنەگریت!

ئەوکاتە گەلێ سوپاسگوزاریت، کاتێک وا گومان دەبەیت پەروەردگار تووشی نەهامەتیی و ناخۆشییەکی کردووی، بەڵام لە دواییدا بۆت دەردەکەوێت کە وانییە، بەڵکو لە خەم و ناخۆشییەکی درێژخایەن ڕزگاری کردوویت!

ئەو خودایە خودا!

دڵارام بە.

زانای پایەبەرز ئیبن قەییم "ڕەحمەتی خودای لێبێ" دەفەرمووێ:

چوار شت گەشی و جوانی ڕووخسار زیاد دەکات:

١- ترسان لە خودا

٢- مرۆڤدۆستی

٣- ڕێزداربوون

٤- وەفاداربوون

مەوەستە لە داواکردن و دەرگادانی خودا.

"دەرگای خودا هەرگیز داناخرێ"

ئەویش چاوەڕێیە ئاواتەکانت بەدی بهێنێت،

تەنیا پەلە مەکە.

لەبیرت بێت یەکەم پرسیاری قیامەت لەسەر "نوێژ"ە.

ئەگەر تۆ دیداری خۆت و پەروەردگارت فەرامۆش کردبێت، دەبێ چی شتێکی دیکە لەوە خراپترت کردبێت!

ڕێزگرتن لە "متمانە" کارێکی زۆر پیرۆزە، بەڵام هەندێجار بەرەو ئازارت پەلکێش دەکات.

هەمیشە متمانەکان لە سنووری عەقڵ بهێڵەوە، نابینی هەندیجار ددانەکان ئازاری زمان دەدەن، لەکاتێ نزیکترین دۆستی یەکترن!

**(سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا)**

لە دوای هەموو ڕۆژە سەختەکان، ڕۆژانێک چاوەڕێت دەکەن پڕاوپڕن لە ئاسوودەیی و بەختەوەری.

ئەمە بەڵێنی ئەو زاتەیە کە تۆ ڕۆژانە هەزاران بێفەرمانی دەکەیت! لەکاتێ ئەو بڕیاری داوە ژیانت پڕ بکات لە کامەرانی.

ڕۆژێک دێت، زاتێک موژدەی ئەوەت بە گوێتدا دەدا. دەڵێ: ئەو ئارامگرتنەت لەسەر ناخۆشییەکان تەواوبوون، دەی مویارەکت بێت ئەو دڵخۆشییە هەتا هەتاییە لە خزمەت پەروەرێنی جیهانیان.

هەرچی ڕوویدات، نەکەی دەستبەرداری خودا بیت.

پەروەردگار لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرمووێ:

(ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر تاوانەکانت هێندە زۆربن و بگاتە نزیکی ئاسمانەوە، ئینجا داوای لێخۆشبوونم لێبکەیت، دڵنیابە منیش لێت خۆشدەبم)

دەک خەجاڵەت بێت ئەو دڵەی ڕووی ئەوینی لە تۆ نەکات!

خودای من، هەمیشە لە خۆم دەگەڕام، بەڵام هەرگیز خۆم نەدۆزییەوە. تاکو ڕۆژێ تۆم دۆزییەوە، ئیدی لەگەڵ تۆدا، خۆشم دۆزییەوە.

زانیم من بێ تۆ، هیچ نیم.

هەر قسەیەک لە دڵەوە دەرچێت، بەر دڵ دەکەوێت.

بۆیە گلەیی مەکە لەوەی خەڵک قسەکانت باش نابیستن، ڕەنگە تۆ لە دڵەوە قسەت نەکردبێت!

گومانباشییەکە بەوان ببە، نەک خۆت.

سەخترین کاتەکانمان لە تەنیایدا بەسەربرد، ئەگەرچی وایان دەزانی زۆرباشین، هەمووان لەبیریان کرد لە ناخەوە وێرانین، تەنیا خودا نەبێت. ئەو هەمیشە ئاگادار بوو.

بەسە، خودات بەسە.

**(أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ )**

مەگەر خودا بەتەنیا بەس نییە، کە پشتیوان بێت بۆ بەندەی خۆبی.

بەڵێ، سوێند بەخۆی، هەر ئەو بەسە.

پۆشاکێک لەبەر بکە ڕووی ئەوەت هەبێ خودا بیبینێ!

هەمیشە چاکەکار بە، ئەگەرچی چاکەشت بەرانبەر نەکرابێت.

لەبەر ئەوان نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودا چاکە کارانی خۆشدەوێت.

بۆ چارەسەری کێشەکانمان پێویستیمان بەو چارەسەرانە هەیە:

ڕۆژانە سێ ملاک "خۆشەویستی"،

سێ دەنک حەبی "گرنگی پێدان".

بیر بکەوە.

لەوانەیە سەلامێکی تۆ ژیانی کەسیک بگۆڕێت.

لەوانەیە سەلامێکی تۆ رۆحیک ئاسودە بکات.

لەوانەیە سەلامێکی تۆ دڵێک پر عیشق بکات.

لەوانەیە سەلامێکی تۆ نەفسێک رزگار بکات لە تاوان.

بۆیە حەزرەتی ئازدار (ص) دەفەرمووێ:

(خەڵکینە، لەنێو خۆتاندا زۆر سەلام لەیەکتری بکەن، بەو جۆرە خۆشەویستیتان زیاد دەبێت)

کاتیک دەستت بڵندکرد و "الله أکبر"ت کرد. ئەوا هەموو دونیا لە دوای خۆت فڕێ بدە، تۆ ئێستا بەرانبەر زاتی خودای بەڵادەست وەستاویت.

هەموان کەسێکیان هەیە شانازی پێدەکەن،

تۆش شانازی بکە بەوەی خودات هەیە.

ئەو چاکترینە بۆ ئەوەی شانازی بە بوونییەوە بکەیت.

"ڕەوشتبەرزی" ئەو پایەیەی مرۆڤە، کە هەرگیز بێ ئەو مرۆڤێکی کامڵ دروست نابێت.

گرنگ نییە باجی هەرچی دەدەیت، بەڵام نەکەی بیدۆڕێنیت.

هێندە گرنگیدانە بە قسەی خەڵک و ئەو دەمە دەمەی کە دەیڵێن، بەرەو ڕووخانت دەبات. تۆ هەوڵبدە وەڵامی ئەو قسانەیان بەوپەڕی شکۆوە بدەیتەوە.

بڕوا بکە ئەوان هەرگیز بە تۆ ناگەن، بۆیە تانەت لێ دەدەن.

تۆ ئەگەر لە پێشیانەوە نەبیت، ئەوان هەرگیز ڕووی دەمیان لێت ناکەن.

ئەوەندەی بێدەنگیم هەڵبژاردبێت کەس لەسەری لۆمەی نەکردووم. بەڵام سەدان جار بەهۆی قسەکانمەوە تووشی ڕەخنە و شکاندنەوە بوومە.

ئێستا تێدەگەم لەو پەندەی دەڵێن: هەرکەس بێدەنگ بوو، ڕزگاری بووە لە هەموو ناخۆشییەک.

هیچ شتێک وەکو "ڕەوشتبەرزی" مرۆڤ بەرەو باڵابوون نابات، بەڵام دنیای ئەمڕۆ وەهایە تەنیا سەیری سەرمایە و پارەکەی دەکەن.

تۆش ئەگەر توانیت "ڕەوشتبەرێکی سەرمایەدار بە".

پەروەردگار چەندان هەلت دەخاتە بەردەم، تاکو نەڵێی کەس هەلی دووەمی پێنەدام!

ئەوە تۆیت لە هەزاران هەلیش سوود وەرناگریت و، دەگەڕێیتەوە سەر گەمژەییەکانی پێشووت.

ئەو دەرگایەی پەروەردگار بەڕووی تۆدا دەیکاتەوە، هەموو خەڵکی زەوی بێن و لە دژت بوەستنەوە، ناتوانن ئەو دەرگایە دابخەن.

کەواتە هەمیشە ڕووی داوات لە پەروەردگاری جیهانیان بکە، ماندووش مەبە لە داواکردن، پەروەردگار حەزی لە دەنگی پڕ سۆزی تۆیە کاتێ داوا دەکەیت.

پڕ بەهاترین شتی ئەم گەردوونە "کات"ە،

تکایە پێش لەدەستچوونی جوان بەکاری بهێنە.

ڕۆژگارێک دێت چاوەڕێی ئەوە دەبیت دکتۆر پێت بڵێت: "بیبەنەوە بۆ ماڵ کاتی زۆر کەم ماوە".

ئەوکاتە پارەی هەموو دنیا ناتوانێ یەک کاتژمێرت زیاتر پێ بدات.

ژیرانە بژی و، هەموو چرکەکانی ژیانت بە چێژەوە بە ڕێ بکە، کێ دەڵێ بەیانی دەیانبینییەوە.

هەموو ڕووانینەکانت دوای وشەی "من" دەست پێدەکات.

ئەگەر گوتت "من بەختەوەرم، چونکە خودام هەیە"، ئەوا دڵت لەسەر ئەوە ڕادێت کە لە کاتە سەخت و دژووارەکان خودا بخەیتەوە بیرت. لە هەمان کاتیش لە کاتە خۆشەکاندا سوپاسی نیعمەتی ئەو بکەیت، ئەگەر گوتت "من" هەمیشە "خودا"شی لەگەڵ بێت، دەنا "من"ی خۆبەزلزان بەرەو وێرانکردنی خۆت دەبات.

هەرگیز هەموو ڕۆژێک دڵخۆش نابیت، چونکە ئێستاش کەسانێک هەن بە گوێرەی میزاجی خۆیان بڕیارت لەسەر دەدەن، کەواتە ئاساییە دڵخۆشی هەموو ڕۆژەکە میوانت نەبێ، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە "تۆ خودا لەبەر قسەی خەڵک لەبیر بکەیت".

هەموو ئەوانەی لە دەرگادەدەن، نامێننەوە.

تەنیا "خودا" نەبێت، هەمیشە لەگەڵتە.

پارە و سامان و کارەکەت بەشێکن لە ژیانت، نەک هەمووی!

بۆیە هەرگیز ئولفەتی دڵت مەدە بەوان، ئاخر ئەوان ڕۆژێک دەڕۆن و، بەو ڕۆیینە دڵت پڕ لە برین دەکەن.

ئاقڵ ئەوەیە هەرگیز بەو شتانەی فەنادەبن، دڵ نەدات.

خودا کاتێ خۆشی دەوێیی بۆیە هەموو دەرگاکان دادەخات، تاوەکو بگەرێیتەوە دەرگانەکەی خۆی، مەترسە و بڵێ: یا الله.

لەبیر مەکە هەموو کارێک بەدەست ئەوە.

ئێستا دڵەکان پڕبوونە لە تاریکایی، گەر دەتەوێ دڵەکەی تۆ وانەبێ و پڕ لە نووری ئیلاهی ببێت، بڵێ:

اللهم صل علی سیدنا محمد و علی اله و صحبه وسلم.



Scanned with CamScanner

ئەگەر گوتیان چۆن سەردەکەویت؟

بڵێ: بە بەشی خودا ڕازی دەبم، ئەویش بە بەخششەکانی ڕازیم دەکات.

تەنیا لەگەڵ خودا، دەتوانی لە سەرەتاوە دەستپێبکەیتەوە.

هەموو کۆسپ و ناخۆشییەکان، تەنیا لەگەڵ خودا ئاسان تێدەپەڕن.



Scanned with CamScanner

ئەو خەمانە مەخە سەرشانت، کاتێ زەردەخەنەکانت لێ دەدزن.

کێ نالێ هەزاران ئومێد لە یەک خەندەی تۆ سەرچاوە ناگرێت!

هەمیشە دوای ماوەیەکی کەم لە ئازار، خەمەکانت لە باوەشدا داوەشێنە و بیدە بەدەم باوە.

بڕۆ بەردەم ئاوێنە و سەیرێکی ڕووخسارت بکە، دەبینی لەبەر گرنگینەدانت بەخۆت خەریکە وێران دەبێت!

ئازیزم، هەموو ئەوانەی بۆیان بێتاقەت دەبیت، زەڕڕەیەک لە ژیانت زیاد ناکەن، هیچ خۆشییەکیشت پێ نابەخشن.

بڕۆ گرنگی بەخۆت بدە، بە چاو و دەست و لێوت بڵێ:

ئێوەم هەیە، خودا ئێوەی بەدیاری بۆ ناردووم، پارێزگاریتان لێدەکەم.

ژیانت هێندەی بەبەر نەماوە، تاکو کاتەکانت بەفیڕۆ بدەیت.



Scanned with CamScanner

دەزانیت "دوعا" بۆ هەمیشە بەکار دێت؟

چونکە خودا نایەوێ دەستبەرداری خەونەکانت بیت.

تۆش نەکەی هەرگیز "دوعا" لەبیر بکەیت.



Scanned with CamScanner

پەروەردگار خۆی پێت دەڵێت:

**(لَقَدْ خَلَقْنا الاِنْسَانَ في احْسَنِ تَقْوِيم)**

واتە: بەڕاستی مرۆڤمان بە جوانترین شێوە دروستکردووە.

کەواتە چ پێویست دەکات چاوەڕێیان بکەیت تاکو پێت بڵێن:

زۆرجوانیت!

هەناسەیەک هەڵمژە و خۆت بە خۆت بڵێ:

بەڕاستی من زۆر جوانم.


خودا لەهەمووان باشتر دەزانێت کە تۆ جوانیت.

ئیدی دڵارام بە.

# خودا خۆشی دەوێت

کاتێ خۆڵیان بەسەریدا کرد، هەمووان جێیان هێشت، تەنانەت خێزانەکەی و منداڵەکانیشی، زۆر ترسا، هەستی کرد ئیدی تەنیایە.
لەو کاتە دوو فریشتەی ڕوو شیرین هاتن و بە خەندە و خۆشییەوە پێیان گوت:
مەترسە، پەروەردگار دەفەرمووێ: من میوانی خۆم بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێر دەهێنم، لەگەڵ ئێمەدا ترس و خەفەت نییە.
ئیلاهی ئێمەت چەندە خۆش دەوێ!؟

بەرگ: ئیبراهیم ساڵح



ناوەندی ڕەها
هەولێر - بازاڕی ڕۆشنبیری - تەنیشت پارێزگا
0750 406 66 74
ناوەندی ڕەها / Nawandi Raha
1234567890